کوردستان نێت
KURDISTAN NET

## بانگەوازێك لە رۆژنامەی

**بۆ بەڕێزان :**

**مام جەلال ( سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان )**

**دکتۆر بەرهەم ئەحمەد سالح ( سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان )**

**سەرجەم رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و دەرەوە**

**سەرجەم رێکخراوەکانی ( ژنان و ئافرەتان ) لە کوردستان**

# بەرپرسانی دەربەندیخان بەناوی بەڕێز(مام جەلال)ەوە، (شەیما خان) دەڕفێنن !!

**هەروەك ئاگادارن لە ژمارە( ٣٨ )ی رۆژی( ٢٠٠٤/٣/١٩ )ی رۆژنامەکەماندا رپیۆرتاژێك سەبارەت بە کێشەی خێزانێکی کورد لە دەربەندیخان بلاْوکرایەوە کە لەلایەن هەندێ بەرپرسی ئەم شارۆچکەیە بە گەلەکۆمەکی گوشاریان خراوەتە سەر بەمەبەستی خۆدانەدەست بۆ کاری ( جنسی ) لەبەرامبەر جێبەجێکردنی هەر ئیش و کارێکیان..دواتریش ناچارکردنیان کە بەرەو بەغداد بڕۆن و جارێکی تر ئاوارە ببنەوە.**
**دیارە لە دوای ئەمەش وەلاْمی هەندێ لەو بەرپرسانە لە ژمارە( ٣٩ )ی رۆژنامەکەماندا بلاْوکراوەتەوەو، لە زۆربەی رۆژنامەو کەنالْ و سایتەکانی ئینتەرنێتیشدا باس و خواس و بابەتی زۆری لەسەر بلاْوکراوەتەوە ..**
**بەلاْم رۆژی ( ٢٠٠٤/٤/٦ ) لەلایەن چەند کەسێکەوە بەناوی بەڕێز ( مام جەلال )، کەگوایە لەلایەن بەڕێزیانەوە چارەسەری کێشەکەیان بۆ دەکرێت.. لەشاری بەغداد ( شە یما خان ) رفێنراوەو تاکو ئێستاش چارەنووسی نادیارە.**
**بۆ ئەم مەبەستەش ئێوەی بەڕێز لەم رفاندنە ئاگادار دەکەینەوەو، لەم ژمارەیەی رۆژنامەکەشماندا تەواوی ووردەکارییەکانی ئەم رفاندنەو، ئەوانەی لە پشت پەردەی ئەم کردەوەیەدان ئاشکرا دەکەین و بلاْودەکرێتەوە.**

**لەگەلْ رێزماندا**

**٢٠٠٤/٤/٨**

**سلێمانی**

**وێنەیەك بۆ /**

**سەرجەم کەنالْەکانی راگەیاندن لەناوخۆو دەرەوەی کوردستان**

www.kurdistannet.org